پەرلەمانتارێک: لە دوای هادەستکردنی نەوتی هەرێم مووچە ڕەوانەی کوردستان دەکرێت

محەمەد نوری، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، لەدوای هادەستکردنی نەوتەکە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بە کەمپانیای سۆمە، پارەی موچەی مانگی (ئایار/5)ی ئەمساڵ و دواتریش مانگەکانی دیکە ڕەوانە دەکرێت

ڕ

محەمەد نوری لە لەدوانکدا بە ڕۆژنامەنوسان، ڕایگەیاند، لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی تەیف سامی لەگەڵ لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، وتویەتی، "بەگوێرەی یاسای بودجە دەبێت هەرێمی کوردستان 400 هەزار بەرمیل نەوت هادەستی سۆمە بکات، بەڵام لەبەرئەوەی ڕێکەوتن کراوە بە 230 هەزار بەرمیل نەوت بە سۆمە لەلایەن هەرێمەوە ڕازی دەبین".

ئاماژەی بەوەشکرد، لەدوای هادەستکردنی نەوتەکە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بە کەمپانیای سۆمە، پارەی موچەی مانگی (ئایار/5)ی ئەمساڵ و دواتریش مانگەکانی دیکە ڕەوانە دەکرێت.

ڕ